تصوير أبو عبدالرحمن الكردي
دەنگی منداڵان
از دیدگاه اهل تسنن
مەنسوور شەریفی

سر شناسه : شریفي ، منصور، ۱۳۳۹ -
عنوان و نام پدیدآور : دەنگي منداڵان / نووسەر و هونراوەي مەنسوور شەریفی .
مشخصات نشر : سنندج : تاڤگه، ۱۳۸۸.
مشخصات ظاهري : ۲۲ ص : مصور (رنگي) .
وضعیت فهرست نویسي : فیپا
یادداشت : گروه سني :ب
موضوع : شعر کردي
رده بندي دیویي : ۱۳۸۸ د۴۶۷ . ش ک ۹ فا ۸
شماره کتابشناسي ملي : ۱۸۲۲۳۸۶
شابک : ۰۷۸-۹۶۴-۸۷۰۹-۴۵-۲
گرافیست : شمس گراف (بهراد زندي)
تصویر گر : بهروز قادري

شیعری دایە

ئەی لایە لایە   کۆرپەی شیرینم لایە

رەحمی پێکەی خودایە   کۆرپەم بۆ خەوی نایە

کۆرپەم بخەوە دێرە   خەو بۆ مێشکی تۆ خێرە

قەزات لە گیانم کەوێ   خەو لە چاوم ناسرەوێ

هەتا تۆ نەکەمە خەو   لێم حەرامە خواردن و خەو

رەونەقی ماڵم هەر تۆی   نەزرو و دۆعام کردووە بۆی

خوایە شوکر بۆ بەشت   بۆ بەشی جوان و گەشت

دۆعای خێرت بۆ ئەکەم   باش بخەوی کۆرپەکەم

باوکت تۆی زۆر خۆش ئەوێ   بە بێ تۆ شەو ناسرەوێ

ولامی منداڵ

دایە من ناچمە بێشکە   کەم بە ملما خوەت کێش کە

کاتێ بێشکەم ئەجوێنی   خەوم لێ ئەشێوێنی

دەس و پام ئەبەسیتەو   تا ئێوارە نامکەیتەو

شەویش هەتاکوو سەحەر   من لە بێشکە نایمە دەر

وەک زیندانی ئەسیرم   هەمیشە ماتڵ شیرم

هیچ نەماوە لە بیرم   وەک منداڵی فەقیرم

هەر لە ناو جێ بە عادی   وەکوو شلێر و شادی

یا وەک منداڵ ئابادی   حەز ئەکەمە ئازادی

کەمێ خۆم راوەشێنم   یا تۆزێ خۆم بدوێنم

دایە لێمان نەتۆری   بە هیوام لێم ببووری

قسەی دڵ منداڵ

دایــە تــۆ خــوا مـەدە لێـم   شیعری کـوردی بێژە پێم

لیـباس کـوردیم بـۆ بسێنە   کــتێب کــوردیم بــۆ بێنە

هەر بـە کـوردی ئـەنووسم   تەک هەموو کـەسێ دۆسـم

مــن کــوردی مــوسوڵمانم   پــەیڕەو دیــن و قــورئانم

عـــاشقی نــیشتمانم   دایـــە قـــەزات لە گــیانم

دایــە مـــەرگت نـەبینم   بـــە تــۆ شـیرینە ژیــنم

دایـــە ئـــیتر نـــاتۆرم   دەم و چـــاوم ئـــەشۆرم

گــزگ مــاڵیش ئـەکێشم   ئــەشغاڵەکـەیش ئـەڕێژم

کــار و فــەڕاشــی ئەکـەم   گشــتی بــە باشی ئەکەم

چــایی ئــەبەم بــۆ مــێمان   لە شــار بــێ یــا لە دێمان

ئــــەچم مـــیوە ئــەسێنم   پــێش‌دەسییەکان ئـەهێنم

قـــڕو قــاو ئــاشپەزخــانە   بــۆ مــن قــورس و گـرانـە

خـۆت بـیشۆرە دایـە گـیان   زەحمەت مـەدە بـە مـێمان

یاخوا دایەم بـۆ خـۆش بـێ   هەموو کات گوڵی گەش بێ

ئامۆژگاری مامۆستا

کیژە جوانی موسولمان / یاخوا هەر خوەش بی بۆمان
یا خوا دوور بی لە وەرهەم / لە پەژارەو لە ماتەم
روو خۆش و مێهرەبانی / ماشەڵڵا چەندە جوانی
ژیر و وریا و بەڕێزی / لای هەموو کەس عەزیزی
قورئان و دەرس بخوێنە / لە رەفێق جێ مەمێنە
هەر کەسێ جێ بمێنێ / شەیتان ئەیخەڵەتێنێ
شەیتان ئەیبا بە هەڵە / ئەیخاتە نێوی تەڵە
زینەتی خۆت داپۆشە / تا ئەتوانی تێکۆشە
تێکۆشین بۆ عیززەتە / عیززەت دژی زیلەتە
گوێ ڕاگرە بۆ دایە / مەچۆ کووچە بۆ گایە
عومرت مەدە بە زایە / دەرس بخوێنە بۆ پایە
عیلم و زانین دەرمانە / دەرمانی گشت دەردانە
من مامۆسای دڵسۆزم / دلسۆزی گەل و هۆزم

وڵامی منال بو مامۆستا

ئەی مامۆسای بەڕێزم — قەد لە قسەت نابێزم

منیش هەر بە وێنەی تۆ — تۆم خۆش ئەوێ زۆر بە سۆ

دەرس و نەسیحەتی تۆ — قازانجی هەس بۆ گرۆ

رووسەری لە سەر سەرم — لیباس جوان کەمە بەرم

خۆم ئەپۆشم بە جوانی — ئەچم بو ئاو لە کانی

لیباسی تەنگ و بێ فەڕ — تا ماوم نایکەمە بەر

من کوردی با ویژدانم — چۆن ژیر و موسوڵمانم

لیباس خراپ ناپۆشم — دین و گەلم نافرۆشم

تا لەم دونیا بمێنم — عیلم و دەرسیش ئەخوێنم

قسەو نەسیحەتی باوک

ئەی کیژی کرچ و کاڵم   یا خوا دوور بی لە زاڵم
من لە دووریت بێ حاڵم   سەر بنێرە سەر باڵم
بە هیوای مانگ و ساڵم   بویتە ئامەو بو ماڵم
ڕێزو حورمەتت بەرزە   دوور بی لە هەڵەو هەرزە
تاکوو های لە ئەم عەرزە   ڕێزی دایک و باب فەرزە
خوەش بەختیت عیلم و دەرزە   دەرمانی یاوو لەرزە
ئەی کیژی وریا و ژیرم   دایم هەر وای لە بیرم
تۆ منداڵی، من پیرم   بە خۆشی تو من میرم
دەسمایەی قەومی ژیرم   بە هیوای ڕەوشەن بیرم
ئەی کیژی جوان و نازم   ڕەفیقی راز و نیازم
شیرین و دڵ نەوازم   من بە تۆوە ئەنازم
خوەش بەختیت بۆ ئەخوازم   لە خوای تەک و بێ نیازم

نەسیحەتی خانم دوکتۆڕ

ئەی رۆڵەی وریاو جوانم — گوێ گرە بۆ قسەکانم

پاکی قازانجی زۆرە — دەس بە سابوون بشورە

باکوو نەخۆش نەکەوی — بە بێ میسواک نەخەوی

میسواک بدە لە دیانت — بۆ سلامەتی ژیانت

قەن خراوە بۆ ژیانت — ئەڕزێنێ دیانەکانت

شت سەختی پێ مەشکێنە — زۆر خۆتی پێ مەنوێنە

دەرزی و دەرمان پێویستە — ئەویش وەک نمرەی بیستە

لیباس گەرم کە بەرت — کلاوی نەرم کە سەرت

باکوو ناخۆش نەکەوی — موحتاج بە دوکتۆر نەوی

شیعری قورئان

قورئانم پێشوایە
بۆ هەر دەردێ دەوایە

دژی نەفس و هەوایە
لە بۆ غەنی و گەدایە

لە ناو قەبرا چرایە
بۆ قیامەت برایە

قورئان نوورو رەحمەتە
هەمووی پەندو حیکمەتە

بۆ ئیماندار عیززەتە
بۆ تاوانبار رەحمەتە

قورئان شەفیعە بۆمان
پەند و ئەندەرزە بۆمان

دایەی عەزیز و نازم
موعەلیمی هاوڕازم

قورئانەکەم پێ بێژە
بیر و هۆشم زور تیژە

بە یارمەتی زاتی حەق
لەم کارە بووم موەفەق

تەواو قورئان کەم رەوان
بیکەمە ویردی زوان

هەتا لە دونیا ماوم
پێڵات ئەنمە سەر چاوم

شیعری باوک بۆ کوڕ

ڕۆڵە کوڕم گوێ بگرە   ئیتر بەهانە مەگرە

کاتێ دیتەوە بۆ ماڵ   مەیکە هەراو گرم و قاڵ

لیباست ئاوێزان کە   ناو ماڵەکە میزان کە

دەرسەکانت دەور کەرەوە   نمرەکانت بوە سەرەوە

قورئان و دەرس بخوێنە   نمرەی بیستم بۆ بێنە

لە کەلاس نەزمت هەبێ   موعەلیم لێت زیز نەبێ

کوڕم زیرەک و ژیر بە   خاوێن و ڕۆشنبیر بە

لە ناو خیابان ڕانەکەی   کیف و پوولت گوم نەکەی

کوڕم یاخوا ناودار بی   بادین و با ویقار بی

لە شیعرەکانی مامۆستا عالی

باسی نوێژو قورئان و پاک و خاوێنی

خوداوەند نیعمەت ئەدات ئینسان عیبادەت ئەکات

هەڵسە رۆڵەی بائیمان دەخیلە زووکە، ئامان!

نوێژو دەرس و عیبادەت ئەنجام دە لەل ئیتاعەت

فرمان کەری شیرینی نوێژ خوێنی نوورینی

هەڵسە دەس نوێژێ بگرە لیباسی تەقوا ببڕە

خۆت کە بە رەفیق مەلەک پەرواز بکە بو فەلەک

دایک و باوکت رازی کە وەرزش و هەم بازی کە

پاک و خاوێن و ژیر بە ئازا و روشن زەمیر بە

دەرس خوێن و ئاگادار بە لە ناو خەڵکا هووشیار بە

قورئان بخوێنە بە دڵ خۆت بۆ خۆش کە وەکوو گوڵ

زوو کە رۆڵەی شیرینم یاخوا مەرگت نەبینم

شوکری زاتی یەزدان کە   ڕوو لە ڕێگەی مەردان کە

نوێژ لە بۆ دین ستوونە   عیبادەت خوای بێ چوونە

سوپاس و شوکری خوایە   بڕوا بکەن هەر وایە

حەیفە لە خوا غافڵ بین   ستەمکار و جاهل بین

با یادی ئەو لە دڵ بێ   ژیانتان پڕ لە گوڵ بێ

مزگەوت چاوەڕوان تۆیە   دڵت بۆ ئەو بە سۆیە

قورئان ڕێنومامانە   بەڵگەی دین و ئەمانە

یاخوا ژینت پیرۆز بێ   دڵت گەرم و بە سۆز بێ

بێزار بین لەو بێگانە   ماڵمان ئەکا وێرانە

لابەین جیاوازی و کینە   بگرین ڕێگەی ئەم دینە

تەقوا بکەین بە پیشە   خراپی لابەین لە ریشە

ئیسلام ڕێبازێ جوانە   بۆ گەل بە وێنەی شوانە

لە شیعرەکانی مامۆستا عالی پیرۆزبایی نەورۆز لەگەنجان و لاوان

نــەورۆزتان لێ پــیرۆز بــێ
دڵتان بۆ گەل بە سۆز بێ

یــاخوا مــوبارەک بــێ ساڵ
چاک و پاک بێ ماڵ و حاڵ

دەی بـا ژیـر و عـاقڵ بین
راست و سادە و عادڵ بین

خۆمان پوخت و خاوێن کەین
خواناس و پاک داوێن کەین

رێــز بگــرین لە گــژ و گــیا
ئــاو و دیــمەن و چــیا

لە گــەورە و لە دڵســوزان
لە قەوم و خویش و هۆزان

لە مــامۆستا و خــوێندکاران
لە گــوڵ لە مــەل لە داران

یــا خـوا ژیـنت رەنگـین بێ
عەقڵ و حەیات سەنگین بێ

هــەوڵیک بــدە بــۆ زانــین
لە بــواری عــیشق و ئــایین

بــۆ سەرکەوتن نــیشتمان
بــۆ ئــارامش بــۆ ئــەمان

قــەت لە خــەما نــەتبینم
یــاری ژیــر و شــیرینم

عــالی چــاوەڕوان تــۆیە
بــۆیە دڵــەکــەی بــە سۆیە

مسجد جامع قبا
قیمت: ۱۲۰۰ تومان